

## دلبەر جزیری:

# پێویستە چەند ساڵێک کار بکەم تا بتوانم بەرهەمێک بڵاو بکەمەوە

**ئەگەرچی لە ئەوروپا لە دایکبووە و پەروەردە و خوێندنیشی هەر لە ئەوروپا بووە، بەڵام دلبەر جزیری وەك کچە کوردێکی عاشقی هونەر، بە هاوکاری خانەوادەکەی هەر لە منداڵییەوە هەوڵیداوە لە ڕێگەی گۆرانی و موزیکەوە خزمەت بە هونەری کوردی بکات، سەرەڕای سەختیی کاری هونەری لە هەندەران ئەو بەردەوام بوو، ستایلێکی تایبەت بە خۆیشی لە گۆرانیی وتندا هەیە. دلبەر جزیری کە ئێستا لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە، بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**• ئێستا سەرقاڵی چیت؟**

- لەسەر پرۆژەیەکی نوێ کار دەکەم کە سینگڵە و بە نیازم دوای تەواو بوونی بە کلیپیش بڵاوی بکەمەوە، بەڵام تا ئێستا سپۆنسەرێکم نییە، بۆ ئەوەی کلیپەکە تۆمار بکەم.

**• بۆچی وەك زۆربەی هونەرمەندانی دیکەی کورد رووت لە کاری سینگڵ کردووە؟**

- من باسی خۆم دەکەم هۆکارەکەی بۆ من تەنیا ماددییە، چونکە من ناتوانم بەرهەمێك بڵاو بکەمەوە و باوەڕ ناکەم هیچ هونەرمەندێکی دیکەش بتوانێت ئەمە کارە بکات ئەگەر بیەوێت ئەلبوومێك بڵاو بکاتەوە، من کار دەکەم پەیداکردنی بژێوی ژیانیش لە ئەوروپا ئاسان نییە، بۆیە ئەگەر بمەوێ ئەلبوومێك بڵاو بکەمەوە پێویستە ٤ تا ٥ ساڵ تەنیا بۆ ئەلبوومەکە کار بکەم تا بتوانم کارێکی جوان پێشکەش بە جەماوەر بکەم.

**• جگە لە کاری رۆژانە و کاری هونەری، لە خوێندن بە کوێ گەیشتی؟**

- تا قۆناغی زانکۆم خوێندووە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستم بە کار کرد نەمتوانی لە زانکۆ خوێندن تەواو بکەم، بێگومان ئەمەش تا رادەیەك پەیوەندی بە کاری هونەریی منەوە هەبووە.

**• بە گوێرەی یاسایەك لە ئەڵمانیا هەر کەسێکی بیانی بە زمانی ئەڵمانی گۆرانی بڵێ، حکومەتی ئەڵمانیا هاوکاری زۆری دەکات، تۆ کە دەتوانی بە زمانی ئەڵمانی گۆرانی بڵێی، بۆچی ئەم کارەت نەکرد؟**

- بەر لە هەر شتێك دەمەوێ ئەوە بڵێم کە من لە خانەوادەیەکی هونەردۆست پەروەردە بووم و بەر لەوەی بە کوردی گۆرانی بڵێم زۆر کۆمپانیای هونەریی ئەڵمانی داوایان لێکردم کاریان لەگەڵدا بکەم، بەڵام من رازی نەبووم، هەرچەندە بۆ من گۆرانیی وتن بە زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی زۆر ئاسانە، چونکە حەزم دەکرد بە کوردی گۆرانی بڵێم و شتێکی نوێ بخەمە نێو هونەر و کەلتووری کوردی، مەبەستم ئەوە نییە کە کەلتووری رەسەنی کوردی لە بیر بکەین، یان فەرامۆشی بکەین، هەروەها حەزم دەکرد کە گۆرانییەکانم تەنیا بۆ گەنجەکان نەبن، بەڵکو کەسانی بەتەمەنیش گوێ لە گۆرانییەکانم بگرن .

**• وتنی گۆرانی بە زمانی بیانی بۆ تۆ کارێکی ئاساییە؟**

- بێگومان زۆریش ئاساییە، چونکە بەر لەوەی بە کوردی گۆرانی بڵێم لە قوتابخانە بە زمانی ئەڵمانی گۆرانیم وتووە، بە پێچەوانەوە سەرەتا وتنی گۆرانی کوردی بۆ من زۆر زەحمەت بوو، چونکە زمانی کوردی فرە دیالێکتە، ئەمەش گرفتێکی گەورەی بۆ درووستکردم و سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری شارەزاییم لەم دیالێکتانە نەبوو، بەڵام مستەفای برام وەك مامۆستایەك بوو بۆ من و فێری کردم چۆن بە کوردی گۆرانی بڵێم.

**• ئەگەر بە زمانی ئەڵمانی گۆرانیت وتبا لەو وڵاتەش زیاتر ناسراو نەدەبووی؟**

- بەڵێ، بێگومان زیاتر دەناسرام، هەروەها ئەو کات تەنیا کاری هونەریم دەکرد، چونکە هونەرمەندانی ئەڵمانی و بیانی تەنیا کار و پیشەیان گۆرانی وتنە و سەرچاوەی بژێوی ژیانیانە، بەڵام هونەرمەندی کورد ناچارە کارێکی دیکەشی هەبێت، بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی پەیدا بکات جگە لەوەی کە بتوانێت کاری هونەری ئەنجام بدات.

**• زۆرێك لە ئافرەتە هونەرمەندەکان بە هۆکاری جیاجیاوە رەخنە لە گۆرانی و کلیپەکانیان گیراوە، تۆ کە چەند کلیپێکت هەیە، ئایا دووچاری ئەم جۆرە رەخنانە بوویتەوە؟**

-راستە، بەڵام پێویستە ئەوەش باس بکەین کە ئافرەتە هونەرمەندەکانیش هەموویان وەك یەك نین لە هیچ روویەکەوە، من لە ئەوروپا لە دایکبووم، بەڵام دایك و باوکم بەشێوەیەك پەروەردەیان کردووم کە کەلتووری خۆم ون نەکەم و بەر لەوەی فێرە زمانی ئەڵمانی بم، ئێمەیان فێرە زمانی کوردی کردووە، بەڕای من پێویستە هەموو کوردێك لە ئەوروپا سەرەتا فێرە زمانی کوردی ببن، سەبارەت بە گۆرانی و کلیپەکانیش بە هەمان شێوە هەموو کەسێك ئازادە، من بۆخۆم زۆر حەز لە جلوبەرگی جوان دەکەم، بەڵام پێویستە هەموو کەسێکیش کەلتووری خۆی لە بیر نەکات، هەروەها لە کلیپەکانیشمدا زیاد لە پێویست سەمام نەکردووە، ئەگەرچی من لە بواری سەما کردنیشدا توانایەکی زۆرم هەیە، چونکە نەمویستووە لە گۆرانییەکی کوردی، سەمایەکی ئەمریکی، یان ئەوروپی لەگەڵدا ئەنجام بدەم، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە ئەوەیە کە تا ئێستا هیچ شتێکی نیگەتیڤم نەبیستووە دەربارەی خۆم تەنانەت لە ئەنتەرنێتیش، بەڵکو ئەوەی هەبووە هەموو پۆزەتیڤ بووە و زیاتر دەستخۆشییان لێکردووم، ئەمەش بۆ من مایەی شانازییە.

*** تا رادەیەك رەچەشکێن بووی بەوەی وەك کچێك بە ئاشکرا گۆرانیت بۆ کوڕ وتووە، چۆن ئەو بڕیارەت دا؟**

- لە نێو کورد و لە گۆرانییەکاندا بەتایبەتی هەمیشە وا باوبووە کە کوڕ بە کچ بڵێ خۆشمدەوێی، بەڵام ئاساییە کە کچیش بە ئاشکرا بە کوڕ بڵێ تۆم خۆشدەوێ، چونکە خۆشەویستی حەرام نییە و بۆ هەردوو لا وەکو یەکە ، ئەمەش تا رادەیەك بۆ ئەو کات شتێکی نوێ بوو لە کوردستان، بۆیە بە لای منەوە شتێکی ئاساییە وەك کچ گۆرانی بۆ کوڕ بڵێم.

*** لە رووی ئەکادیمییەوە چیت لە بواری هونەر خوێندووە؟**

- لە هیچ پەیمانگە، یان کۆلێژێکی هونەری لەبواری گۆرانی و موزیك نەمخوێندووە، دەنگ خۆشی تەنیا بەهرەیەکە خوای گەورە پێی بەخشیوم، منیش بەم بەهرەیە دەستم داوەتە کاری هونەرییەوە.

# خەونەکەی هاتەدی

ئەستێرەی سینەمایی جیهانی جۆن کلۆد ڤاندام ئاشکرای کرد کەوا لە تەمەنی منداڵیدا رۆژنامەفرۆشی کردووە بۆ ئەوەی خەونەکانی بەدی بهێنێت و ببێت بە ئەستێرەیەکی سینەمایی جیهانی.

ڤاندام لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ کەناڵی (الحیاة)ی میسری گوتی: من کەسێکم بڕوام بە خەون هەیە، بۆیە هەر لە منداڵییەوە خەونم بەوە دەبینی کە ببم بە ئەستێرەیەکی سینەمایی و بۆ بەدیهێنانی ئەم خەونەش زۆر هەوڵمدا، کاتێك دەمخوێند لە هەمان کاتدا گوڵم دەفرۆشت و لە تەمەنی ١١ ساڵیدا دەستم بە مەشقی کاراتی کرد بۆ بونیادنانی لەشم کە ئەو کات زۆر بێ هێز بوو. ڤاندام زیاتر دەڵێ: لە بەلژیکا هیچ ئەزموونی نواندنم نەبوو، بەڵام باوکم زۆر هانی دەدام، بۆیە منیش بەدوای خەونەکانم کەوتم و چووم بۆ ئەمریکا و لەوێش رۆژنامەم دەفرۆشت و سەردەمێکیش بۆدی گارد بووم، تا گەیشتمە ئەو ئاستەی ئێستا و خەونەکانیشم هاتنەدی.



# هونەر بە دنیای ناساند



نەوال زوغبی یەکێکە لە هونەرمەندە سەرکەوتووەکانی لوبنان کە چەندین ساڵە بەردەوامە لە گۆرانی وتن و هونەرەکەشی لە پێشڤەچووندایە و خاوەن جەماوەرێکی زۆریشە.

نەوال زوغبی لە دیمانەیەکدا سەبارەت بە گرنگیی هونەر لە ژیانیدا و ئەوەی کە تا چەند سوود، یان زیانی بۆی هەبووە، دەڵێ: ناتوام بڵێم هونەر ئازادیی منی زەوت کردووە، بەڵام دان بەوەدا دەنێم ئەگەر هونەرمەند نەبوواما‌یە لەنێو خەڵك نەدەناسرام و ژیانم زۆر ئاسانتر دەبوو لە ئێستادا، وەك هەر مرۆڤێکی دیکە ژیانی ئاسایی و سادەی خۆم بەسەر دەبرد، بۆ هەر شوێنێك حەزم بکردبا دەچووم بەبێ هیچ کۆت و بەندێك، بەڵام خۆشەویستی من بۆ هونەرەکەم هەموو ئەو شتانەم بیر دەباتەوە.

نەوال زوغبی ئاماژە بەوە دەکات کە زۆر جار داوای لێکراوە لە پاڵ گۆرانی روو لە نواندنیش بکات و لەم بارەیەوە دەڵێ: کاتێك لە قاهیرە بووم چەندین جار لەلایەن زۆر لە کۆمپانیاکانەوە داوام لێکرا روو لە نواندن بکەم بەتایبەتی لە بواری سینەما و بۆ ئەم مەبەستە چاوم بە چەندین دەرهێنەری گەورە کەوت، جگە لەمە چەند دەرهێنەرێکی بیانیش داوایان لێکردم کاریان لەگەڵدا بکەم لە چەند کارێکی سینەمایی گەورەدا، من سەرەتا زۆر بە جۆشەوە بابەتەکەم وەرگرت و گرنگییەکی زۆریشم بەو بابەتە دا، بەڵام بارودۆخی تایبەتی خۆم و بارودۆخی ناسەقامگیریی وڵاتانی عەرەبی وایکرد کە ئەم کارە ئەنجام نەدرێت، ئەوەی راستیش بێت، بۆ من زۆر زەحمەت بوو بتوانم لە قاهیرە بمێنمەوە و کارەکەش وای دەخواست کە چەند مانگێك لەوێ بم.



# سكارلێت روو لە تەلەفزیۆن دەكات

دوای ئەوەی، بوو بە ئەستێرەیەكی ناسراوی هۆلیۆد و توانی چەندین خەڵاتی جیاجیا لە بواری سینەما بەدەست بهێنێت، كچە ئەكتەری ناوداری هۆلیۆد، سكارلێت جۆهانسۆن بۆندێكی لەگەڵ كۆمپانیای (سۆنی پیكچەر) واژۆ كرد بۆ بەشداریكردن لە زنجیرەیەكی تەلەفزیۆنی كورت كە لە هەشت ئەڵقە پێكدێت.

سكارلێت لەم زنجیرە تەلەفزیۆنییەدا رۆڵی پاڵەوان دەبینێت كە لە ئێستادا كریستۆڤەر هامپتۆن سەرقاڵی نووسینی سیناریۆكەیەتی، زنجیرەكە باس لە گەنجێك دەكات كە پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ كچی مامی هەیە، بەڵام دەكەوێتە داوی خۆشەویستی ئافرەتێك كە لە مێردەكەی جیابووەتەوە، بۆیە لە هەردوو لاوە تووشی گرفت و ئاستەنگی زۆر دەبێتەوە، بەتایبەتی كە مامی ئەم گەنجە ئاستەنگ و گرفتی زۆر لە بەردەم خۆشەویستییە نوێیەكەی دادەنێت و بە هەموو شێوەیەك دەیەوێ ببێتە رێگر لەبەردەم ئەم خۆشەویستییەدا، لە لایەكی دیكەوە ئێستا سكارلێت خەریكی وێنەگرتنی رۆڵی خۆیەتی لە فیلمێكی نویدا بە ناوی «the black widow» و تێیدا رۆڵی ئافرەتێك دەبینێت كە تواناكانی لە مرۆڤی ئاسایی زیاترن.

شایەنی وتنە دوایین فیلمی سكارلێت (لوسی) بوو كە بە یەكێك لە فیلمە سەركەوتووەكانی ئەم ساڵ دادەنرێت و بۆ ماوەی چەندین هەفتەی لە ریزی پێشەوەی ئەو فیلمانە بوو كە زۆرترین داهاتیان هەبوو و شان بە شانی مۆرگان فریدمان و ئەكتەری میسری عەمرو واكد رۆڵی پاڵەوانی تێدا بینی و سیناریۆكەی نزیك بوو لە فیلمی «the black widow».

# گلارە: بە ئامێری کوردی خزمەتی مۆسیقای کوردی دەکرێ

**هەمیشە لەنێو کورداندا ئافرەتی هونەرمەندی بەتوانا هەڵکەوتوون کە توانیویانە لە ڕێگەی هونەرەوە خزمەت بە کەلتوور و فەرهەنگی ڕەسەنی کوردی بکەن و ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە بە دەیان نموونەمان هەیە، لە ئێستاشدا بە هەمان شێوە بە دەیان کچ و ئافرت هەن کە خزمەت بە ڕەوتی هونەری کوردی دەکەن لە هەموو پارچەکانی کوردستان و تەنیا بە گۆرانی وتن نەوەستاون، بەڵکو بەشێکیان ژەنیاری بەتوانان بەجۆرێك ئێستا لە هەموو پارچەکانی کوردستان بوونی گرووپ و تیپی هونەری تایبەت بە کچان دیاردەیەکی نامۆ نییە و ئێستا بوونیان کارێکی زۆر ئاساییە لەلایەن جەماوەر و خودی هونەرمەندە ئافرەتەکانیشەوە.**

گلارە فوئاد سەرەڕای ئەوەی مامۆستای زانکۆیە، لە هەمان کاتدا تەنبورە ژەنێکی لێهاتووە و لە کاتی ژەنینیدا هەست بە جۆرە عەشقێك دەکەی لەنێوان ئەم کچە و ئامێرە موزیکییە ڕەسەنەکەی. ئەو خانمە تەنبوورە ژەنێکی دیاری (گرووپی موزیکی بێاسارانی)ـە، لە گشت چالاکییە هونەرییە جۆراوجۆرەکانی ئەم گرووپە بەشداری دەکات و بەو پەیوەندییەی کە لە نێوان گلارا و تەنبوورەکەیدا هەیە زیاتر سەرنجی ئامادەبووان بۆ خۆیان ڕادەکێشن.

گلاراە وەك ئەندامێکی گرووپی بێسارانی ئاماژە بەوە دەکات کە وەرگرتن و بوون بە ئەندام لەو گرووپە پەیوەندی بە ڕەگەزەوە نییە، بەڵکو زیاتر دەوەستێتە سەر تواناى هونەریی ئەو کەسە و زیاتر دەڵێ: ئامانجی سەرەکیی گرووپەکەمان خزمەتکردنە بە هونەری ڕەسەنی کوردی، ئەمەش لە هەڵبژاردنی ئامێرە مۆسیقییەکان و ئەو گۆرانییانەی پێشکەشیان دەکەین بە تەواوەتی دیارە، بوونی یەك ئامانج کە خزمەتکردنی هونەری کوردییە، کەش و فەزایەکی پڕ لە ڕێز گرتن و خۆشەویستی و گیانی هاوکاری لە گرووپە کەدا درووستکردووە، هەر ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی ڕگەزی مێ ڕوو لەو گرووپە بکەن و لە ڕێگەی ئەم گرووپەوە حەز و ئارەزووی خۆیان بۆ هونەر و خزمەتکردن بە هونەری کوردی دەرببڕن، من خۆم شانازییەکی زۆر بەوەوە دەکەم کە یەکێکم لە ئەندامانی ئەو گرووپە هونەرییە وەك ژەنیارێکی تەنبوور کە یەکێکە لە ئامێرە موزیکییە ڕەسەنەکان و تاموچێژێکی تایبەتی هەیە».

ئەوشی خستەڕوو کە پارساڵ لە ساڵیادی ئەنفالدا زنجێرە کۆنسێرتێکی گۆرانی و موزیکیان پێشکەش کردووە، گوتیشی: ئەو زنجێرە کۆنسێرتە مایەی خۆشحاڵی هەموو لایەك بوو، هیوادارم بتوانین لەم کارانەدا بەردەوام بین و پشتگیری زیاتری هونەرمەندان بە گشتی بکرێت بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە خزمەتکردن بە هونەری ڕەسەنی کوردی، بەتایبەتی کە ئێستا لێشاوێك ڕووی لە هونەری کوردی کردووە و پێویستە زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ بۆ پاراستنی هونەری کوردی.

لە ئێستادا ئافرەتانی بواری هونەری کوردی تەنیا گۆرانیبێژ نین، بەڵکو بەشێکی زۆریان لە پاڵ گۆران وتندا موزیکژەنن و شارەزاییەکی زۆریان لە ئامێرە موزیکییە کوردییەکان هەیە، گلارا لە گرووپەکەیدا تەنبوورژەنە ئەمەش تایبەتمەندییەکی دیکەی بەخۆی و بە گرووپەکەیشی بەخشیوە، چونکە ئەم ئامێرە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە پێویستە ژەنیارەکان ڕەچاوی بکەن.

سەبارەت بە خزمەتکردنی هونەری کوردی و هەوڵدان بۆ پێشخستنی و ناسینی میللەتی کورد لە ڕێگەی هونەرەوە گلاراە دەڵێ: ئاشکرایە هەموو نەتەوەیەك گرنگی بە کەلتووری ڕەسەنی خۆی دەدات و هەوڵی پاراستن و هێشتنەوەی بە زیندوویی دەدات، لەوانەش گۆرانی و موزیك کە گرنگییەکی زۆریان هەیە لەسەر ئاستی جیهان و بەتایبەتیش گۆرانی و موزیکی ڕەسەنی خۆیان، چونکە موزیك پێناسی هەر نەتەوەیەکە، ئێمەی کورد ماوەی چەندین ساڵە لەسەر خاك و لات لە پێناو مانەوە خەبات و شۆڕش دەکەین،



هێرشـــی توند و بەهێزی دوژمن و ناحەزانـــی ئێمە زیاتر بۆ نەهێشـــتن و لەناوبردنی زمان و کەلتـــووری کورد بووە، بۆیە هونەر و وێژەش لەو هێرشە بێبەش نەبوون و بە هەموو شێوەیەك هەوڵی لەناوبردنی درا، ئێستا دوای ماوەی ئازادبوونی بەشێك لە خاکی کوردســـتان، یەکێك لە کارە گرنگەکانمان پێویســـتە پاراستنی هونەر و موزیکی کوردی و بەتایبەتی ئەو ئامێرانە بێت کە بە تەواوی کوردی و رەســـەنن، بەڵام تا ئێســـتا وەکو پێویست میللەتی کورد ئاشنایەتییەکی تەواویان دەربارەی ئەم ئامێرە و مێژووی نییـــە، لەوانەش تەنبوورە کە ئامێرێکی تەواو کوردییە، هەروەها پێویستە هونەرمەندانی کورد ئێستا ســـوود لەم جۆرە ئامێرانە وەربگرن، چونکە دەنگێکـــی خۆش و ناوازەی هەیە، هەروەها بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێنێتەوە و نەوەی ئێستا و داهاتووش پێی ئاشنا بن.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین لە زۆربەی بۆنە و یادە نیشتمانییەکاندا گرووپی بێسارانی چەندین کۆنسێرتیان ساز کـــردووە، هەروەها لـــە ماوەی رابردووشدا بە نیازی ئەنجامدانی چەنـــد کاروچالاکییەکـــی دیکـــەی هونـــەری بوون لە شارەکانی کوردستان، بەڵام وەك زۆربـــەی چالاکییـــە هونەرییەکانـــی دیکە ئەم بارودۆخە دارایی و سیاسی و سەربازییەی کە ئێستا هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت، رێگر بووە لە ئەنجامدانی.